# توێژینەوەکانی
# کۆنفرانسی زانستیی نێودەولەتیی
# جینۆسایدی گەلی کوردستان
# (جینوسایدی کوردی فەیلی)

GENOCIDE.KRD

زانکۆی سەلاحەدین

زانکۆی دهۆك

زانکۆی سوران

زنجیرە پەرتووکی کونفرانسیی جینوسایدی کوردی فەیلی (1)

# کۆنفرانسی زانستیی نێودەولەتیی جینوسایدی گەلی کوردستان

## (جینوسایدی کوردی فەیلی)

هەولێر 2 ـ 2023/5/4

# توێژینەوەکانی کۆنفرانسی زانستیی نێودەولەتیی
# جینۆسایدی گەلی کوردستان
# (جینوسایدی کوردی فەیلی)


**سەرپەرشتیکردن**

پ. ی . د. سالم جاسم حاجی
پ. د. صلاح محمد سلیم

پ. د. نشوان شکری عبدالله
د. ازاد سالم محمد

پ. ی. د. عبدالرحمن کریم دەروێش

- تویژینەوەکانی کۆنفرانسی زانستیی نێودەولەتیی
جینۆسایدی گەلی کوردستان (جینوسایدی کوردی فەیلی) (4)
- سەرپەرشتیکردن: پ. ی . د. سالم جاسم حاجی پ. د. صلاح محمد سليم
پ. د. نشوان شكرى عبدالله د. ازاد سالم محمد
پ. ی. د. عبدالرحمن كريم دەروێش
- دیزاین: ناجی بدل
- ژمارا سپاردنێ: (D-/2714/23)
- مافێ چاپ و بەلاڤکرنێ بۆ زانکۆیا دهۆك - سەنتەرێ ڤەکۆلینێن جینوسایدێ د پاراستینە

**https://genocide.krd**

**info@genocide.krd**

**/https://www.facebook.com/people/GENOCIDEkrd**

**009647511101241**

سەنتەرێ ڤەکۆلینێن جینوسایدێ / زانکۆیا دهۆك - کومەلگەها زانکۆیێ - جادا زاخو 38 - ئاڤاهیێ پەرتوکخانا مەلبەندی - قاتێ دووێ.

# توێژینەوەکانی
# کۆنفرانسی زانستیی نێودەولەتیی
# جینۆسایدی گەلی کوردستان
# (جینوسایدی کوردی فەیلی)

# ليژنەی ئامادەکاری

| | |
|---|---|
| پ. ی. د. عبدالرحمن كريم دەروێش | زانكۆی سۆران |
| پ. د. مصطفى صابر عەتار | زانكۆی سەلاحەددین |
| پ. د. نەشوان شكری عبدلله | زانكۆی دهۆك |
| پ. د. سیروان جەبار ئەمین زەند | زانكۆی سۆران |
| پ. ی. د. میدیا ئیبراهیم فەتاح | زانكۆی سۆران |
| پ. ی. د. كارزان عبدالمحسن محمد | زانكۆی سەلاحەددین |
| پ. ی. د. سالم جاسم | زانكۆی دهۆك |
| پ. ی. د. خەلیل مصطفى عوسمان | زانكۆی دهۆك |
| پ. ی. د. شاری خالید | زانكۆی سۆران |
| د. ازاد سالم محمد | زانكۆی دهۆك |
| م. ی ئامانج نەجمەدین عبدالغفور | زانكۆی سەلاحەددین |
| سامي سالم محمد | زانكۆی دهۆك |

# لیژنەی زانستی


| | |
|---|---|
| پ. د. محمد احسان | کۆلیژی شاهنشاهی\ لەندنی |
| پ. د. مارتن فان برونسن | زانکۆی نیشتیمانی- سنگافورە |
| پ. د. عبدالفتاح بۆتانی | ئەکادیمیای کوردی |
| پ. د. ئیسماعیل قمندار | زانکۆی پاریس جۆسیو- فرنسا |
| پ. د. ئەنطونیو جیرونیمو باریوس | کوستاریکا |
| پ.د. شریفە کلاع | زانکۆی جەزائیر -3 جزائیر |
| پ. د. دیاری صالح مجید | زانکۆی موستەنصریە |
| پ. د. قادر محمد حسن | زانکۆی سەڵاحەددین-هەولێر |
| پ. د. صلاح محمد سلیم | زانکۆی دهۆك |
| پ. د. مها حسن بکر | زانکۆی سەڵاحەدین- هەولێر |
| پ. د. ناز بدرخان سندی | زانکۆی بەغداد |
| پ. د. صباح عباس جاسم | زانکۆی بوکیکنگهام- لندن |
| پ. د. محمد صبری صالح | زانکۆی دهۆك |
| پ. د. حسین عبد عیسی | زانکۆی سلێمانی |
| پ. د. مارینا چافۆنتاکی | زانکۆی لینکۆڵن- ئینگلترا |
| پ. د. ساڵح ئاکین | زانکۆی ڕوان نۆرمەندی - فەڕەنسا |
| پ. د. ساشا بورژوا ژێرۆندە | زانکۆی پاریس پانتیۆن |
| پ. د. هادی ئومێد فەیلی | زانکۆی ئەمریکی نیودەوڵەتی لە لەندەن |
| پ. د. محمود محمد زاید | زانکۆی ئەزهەر- قاهرە |
| پ. د. دانێلا ئیریرا | زانکۆی کاتانیا- ئیتالیا |
| پ. ی. د. دایان کینگ | زانکۆی کینتاکی |
| پ. ی. د. بەهار بصیر | زانکۆی دوورهایم |
| پ. ی. د. مارکۆ ئەتیلا هۆو | کۆلیژی سەراییبۆ بۆ زانست و تەکنەلۆجیا |
| پ. ی. د. پادریس موسلمزادە تهرانی | زانکۆی مالایا- مالیزیا |
| پ. ی. د. شاخەوان عبدالله دەلۆ | زانکۆی سۆران |
| پ. ی. د. هەژار ڕەحیمی | زانکۆی سۆران |
| پ. ی. د. حەبیب ئیبراهیم | زانکۆی رووربوخۆم- ئەڵمانیا |

# پێشەکی

جینۆساید بە دایکی تاوانەکان هەژمار کراوە. تاوانێکە ڕووبەڕووی گروپە مرۆییەکان دەبێتەوە، بە هۆکاری جیاوازەوە لەڕووی نەتەوەیی، ئیتنی، ڕەگەزی یا ئاینییەوە. کەم نین ئەو تاوانانەی لە مێژوودا دژ بە گروپە جیاوازە مرۆییەکان ئەنجام دراون، لە ئاکامیشدا کاریگەری لەسەر چارەنووس و بونیادی کولتوری و بایۆلۆژی و ژینگە و ژیان و ئاکاری بەئامانجگیراوان بەجێ هێشتووە.

گەلی کوردستان یەکێکە لە دێرینترین گەلانی سەر ڕووی زەمین، هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانی مێژوودا لەسەر خاکی دێرینی کوردستان جێگیربووە و ژیاوە، گەلێکی دەوڵەمەندە لەڕووی فرە کولتوری و ئاینییەوە. لە دوای جەنگی یەکەمی جیهان، بەشێکی کوردستان بە دەوڵەتی عیراقەوە لکێندرا، گەلی کوردستان لەم بەشە ڕووبەڕووی چەندین تاوانی دژە مرۆیی بووەتەوە کە بە پێی پێوەرەکانی یاسا گەردوونییەکان بەتاوان هەژماردەکرێن، وەك: تاوانەکانی جەنگ، ڕاگواستن، دوژمنکاری، تاوانەکانی دژ بە مافەکانی مرۆڤ و تاوانی جینۆساید، تاد.

یەکێك لەو تاوانانە جینۆسایدکردنی کوردی فەیلی بوو، کە بەچەندین قۆناغی جیاواز ئەنجامدرا، تا بۆ دواجار لە سەر دەستی بەعسییەکان، بە پێی بەرنامەیەکی ڕێکخراو و بە شێوەیەکی سیستماتیک، برا فەیلییەکانمان لەسەر ماڵ وحاڵی خۆیان دەرکران، ڕەگەزنامەیان لێ سەندرایەوە، بۆ سەر سنووری ئێران و لەخراپترین بارودۆخدا دەرکران و 22 هەزار لاوی کوردی فەیلی تاوەکو ئێستا بێ سەروشوێنکراون، 14 شار وشاروچکەی ناوچەکانی کوردی فەیلی خاپورکران وناوچەکانیان تەعریب کران، ماڵ وموڵکیان دەستی بەسەردا گیرا و کۆڵەگەی خێزانییان هەڵوەشێندرایەوە.

بەشێکی زۆری ئەم تاوانانە لە پایتەختی عیراق، لەبەرچاوی کۆمەڵگەی عێراقی، هەرێمی و نێودەوڵەتیدا ئەنجامدرا. سەرەڕای تێپەڕبوونی 43 ساڵ بەسەر کۆتا قۆناغی ئەم جینۆسایدە، بەڵام هێشتا ڕێژەیەکی زۆر لە ڕزگاربووان، بێ ڕەگەزنامە ماونەتەوە وماڵ وموڵکیان بۆ نەگەڕێندراوەتەوە، تا ئێستاش بە هەزارانیان دەربەدەری وڵاتانن ولە ئاوارەییدا دەژین، هێشتا چارەنووسی زیاتر لە بیست هەزار کەسی بێ سەروشوێنکراو بە نادیاری ماوەتەوە. دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس ئەم تاوانە لە دادگای باڵای تاوانەکانی عیراق بە جینۆساید ناسێندرا، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا نە داوای لێبووردنییان لێکراوە، نە قەرەبووی مادی ومەعنەوی کراونەتەوە و نە ماڵ و موڵکیان بۆ گەڕێندراوەتەوە.

بەپێی تێڕوانینی ئەکادیمی وبەپێی بوارە زانستییە جیاجیاکان، لەلایەن کەسانی پسۆڕەوە، ئەم تاوانە بەشێوەی تاکەکەسی خراوەتە ژێر لێکۆڵینەوە و شرۆڤەکردن و لێکدانەوە، ئەمەش بە سەرەتایەکی گرنگ ودروست دەزانین بۆ دامەزراندنی بواری زانستی جینۆسایدناسی لەکوردستاندا، کوردستانێک کە لەلایەن بەشێک لە جینۆسایدناسان بە مەڵبەندی جینۆساید هەژمار کراوە.

هەر لەم سۆنگەیەوە پرۆژەی ئەنجامدانی ئەم کۆنفراسە لەمیانەی هەستکردن بە بەرپرسیارێتی

مێژوویی وئەخلاقیی و زانستییەوە هەڵقوڵاوە، لە ژێر دروشمی (دەرخستنی ڕاستییەکان بۆ گەیشتن بە دادپەروەری)، ئەم کۆنفرانسە بە میتۆدی زانستی کار بۆ ناساندنی ئەم جینۆسایدە دەکات، بۆ ئەوەی ئەم جۆرە تاوانە ترسناکانە لەبیرنەکرێن وبەوردی هۆکار وپاڵنەر وکاریگەرییەکانی بزانرێت و هەوڵبدرێت بە شێوەیەکی زانستی چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە، تاوەکو لەلایەك قوربانییەکان قەرەبووبکرێنەوە وتاوانباران سزا بدرێن و لەلایەکی ترەوە چیتر ئەم جۆرە تاوانانە دووبارەنەبنەوە و ڕوونەدەن.

کاتێك ئەم پرۆژەیە کەوتە بەر دیدی سەرۆکی هێژا (مەسعود بارزانی)، بەو پەڕی پەرۆشییەوە بە پیرییەوە هات وپشتیوانیی خۆی بۆ دەربڕی و بووە هۆکاری سەرەکی سەرکەوتنمان بۆ ئەنجامدانی ئەم کۆنفرانسە هاوبەشەی هەر سێ زانکۆی؛ (سەلاحەدین، دهۆك و سۆران) و بە هاوکاری چەندین زانکۆ و دامەزراوەی زانستی دیکە.

بۆئەنجامدانی ئەم کۆنفرانسە، پەیوەندیمان بە سەدان توێژەر و بیرمەند و کەسانی پسپۆرکرد، بەتایبەت ئەوانەی لەسەر ئاستی ناوەخۆ و نێودەوڵەتی کاریان لەسەر جینۆساید کردوە، لەئەنجامدا لەناو سەدان بابەتی پێشکەشکراو لەلایەن کەسانی پسپۆڕ لە بوارە جیاجیاکان و بواری جینۆساید لەسەر ئاستی ناوەخۆ و نێودەوڵەتیدا، (109) بابەتی زانستی لەلایەن لێژنەی زانستی کۆنفرانسەوە ڕەزامەندی بەشداریکردنیان پێدرا، دەیانیتر بەهۆکاری جیاجیای وەك: سنوور و کاتی تەرخانکراو بۆ ناردنی بابەتەکان نەتوانرا لەم کۆنفرانسە بەشداربن.

ئەم پرۆژە ئەکادیمییە بە شەونخونی لیژنەی باڵا، لیژنەی ئامادەکاری هاوبەش، لیژنەی زانستی، لیژنەی راوێژکاری وسەرجەم لیژنەکانی دیکە، وپشتیوانی کەسانی خۆبەخش کە ماندوونەناسانە پشتیوانییان کردووین بۆ سەرکەوتنی ئەم کۆنفرانسە. هیواداریین ئەنجامی ئەم کۆنفرانسە ببێتە هۆی زیندووکردنەوەی پرسی (جینۆسایدکردنی کوردی فەیلی) وبایەخ پێدانی لە لایەن، لایەنە فەرمی، ئەکادیمی و ڕێکخراوە ناوخۆیی و نێوەدەوڵەتییەکانەوە.

پ. ی. د. عبدالرحمن کریم دەروێش
سەرۆکی لیژنەی ئامادەکاری

# پێرست

1-ژینۆسایدی گەلی کورد لە ژێر تیشکی بڕیاری دادگەی ناوخۆیی لاهای لە کەیسی
(فرانس فان ئانرات)دا توێژینەوەیەکی شڕۆڤەکارانە
**پ. ی. د. عێباد رۆحی** ............................................................ 15
2-سیاسەتی بە عەرەبکردن لە عێراقدا کوردە فەیلییەکان بە نموونە
**پ. ی. د. ماجد خەلیل فەتاح** ............................................................ 29
3-کاریگەرییەکانی بەنداوی حەمرین لەسەر تێکدانی شوێنەوارەکانی ناوچە فەیلییەکان
**پ. د. نەرمین علی**............................................................79
4-فاکتەر و جێکەوتەکانی جینۆسایدی کوردانی فەیلی لەقەزای خانەقین
**م. ی. هێمن نصرالدین محمد امین - پ. ی. د. یاسین ئاشور جوهر** ............................ 115
5-رۆڵی راگەیاندن لە ناساندنی کۆمەڵکوژی کوردە فەیلییەکاندا، توێژینەوەیەکی مەیدانیە
**د. ئەکرەم فەرەیدون حەمەئەمین** ............................................................ 145
6-ئاستی بایەخپێدانی میدیای کوردی بە جینۆسایدی فەیلییەکان لە عێراقدا
(توێژینەوەیەکی مەیدانییە)
**م. ی. دەشتی عەلی ڕەشید - پ. ی. د. یادگار عەلی محەمەد** ............................ 173
7-واقعی ژیانی کوردە فەیلییەکان لە سایەی بەعسدا لە نێوان 1979 - 1991
لێکۆڵینەویەکە لە مێژووی زارەکی
**پ. د. سامان حسێن ئەحمەد** ............................................................ 197
8-ئەدەب وەک بیردانکا گەلان، کارتێکرنا بلیمەتێن کوردێن فەیلی
ل سەر ڕەوشەنبیرییا کوردی
**انتصار نجیب جوقی - نفل صالح اسلام** ............................................................ 233
9-ڕۆمانا (بەندەر فەیلی) وەکو نموونە
**م. شمال خمو خضر** ............................................................ 303
10-سیاسەتی میدیایی و پرۆپاگەندەیی رژێمی عێراق لەجینۆسایدکردنی کوردانی فەیلی
**د. شیلان یاسین خضر** ............................................................ 335
11-ژیان دوای جینۆساید: توێژینەوەیەکی سایکۆلۆژییە لەبارەی کوردانی فەیلی
**خەلیل سەلیم** ............................................................ 363
12-ڕەنگدانەوەی ڕووداوەکانی جینۆساید لە فیلمی دۆکیومێنتاری کوردیدا
(جینۆسایدی کوردە فەیلییەکان بە نموونە)
**پ. ی. د. ژیلوان طاهر باپیر** ............................................................ 383

13-ڕۆڵی دادگای نیشتیمانی لە بەدیهێنانی دادپەروەری لە جینۆسایدی کوردی فەیلی
**م. سروشت سەربەست قاسم ............................................................................ 397**
14-پێوانەی شڵەژانی لێکترازانی ناسنامە لای کوردانی فەیلی لە هەرێمی کوردستان
**م. هیوا عبدالعزیز جمیل - کاروان کاکەبرا کاکەمەد ........................................................... 417**
15-جینۆسایدی کوردە فەیلییەکان لە عێراق دا لە نێوان ساڵانی1990-1980
لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی شیکاریی بەراوردکارییە
**م. ی. سۆزان کریم صالح ............................................................................................ 439**
ڕاسپاردەکانی کۆنفرانسی زانستیی نێودەوڵەتیی جینۆسایدی گەلی کوردستان
**(جینۆسایدی کوردی فەیلی) ........................................................................................ 469**

# ژیان دوای جینۆساید
# توێژینەوەیەکی سایکۆلۆژییە
# لەبارەی کوردانی فەیلی

**خەلیل سەلیم**
**زانکۆی سۆران**
**Khalil.mawlud@soran.edu.iq**

**پوختە**

ئامانجی سەرەکی لەم توێژینەوەیەدا شیکردنەوەیەکی چۆنایەتییە دەربارەی جینۆسایدی کوردانی فەیلی، بە جۆرێک تیشکی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە پشت دەبەستێت بە ژیانی دوای جینۆساید و دەرکەوتنی ڕەهەندە دەروونییەکان لەسەر قوربانیانی جینۆسایدی کوردە فەیلییەکان. بۆ ئەم مەبەستە سود لە تیۆری ڤیکتۆر فرانکل بۆ شێکردنەوەی دەرەنجامەکان بەستراوە. شایەنی باسە لەم توێژینەوەیدا پشت بە میتۆدی چۆنایەتیی بەستراوە، هەروەها بۆ کۆکردنەوەی داتا چاوپێکەوتنی گێرانەوە (Narrative Interview) بەکارهاتووە. کۆمەڵگەی توێژینەوە بریتییە لە شاری هەولێر و قەبارەی نموونەی توێژینەوە بریتی بووە لە (10) کوردی فەیلی کە ئەزموونی جینۆسایدیا کردووە. بۆ شیکردنەوەی ئەنجامەکان پشت بە شیکردنەوەی بابەتی (Thematic analysis) بەستراوە. ئەنجامی بەدەستهاتوو ئەوەیان دەرخستبوو کە بەگوێرەی ئەو گێڕانەوانەی کە نمونەی توێژیەنەوە خستبوویانە ڕوو و بە بەراوردکردنیان لەگەڵ تیۆری ڤیکتۆر فرانکل، ژیانی کوردانی فەیلی لەدوای جینۆساید لە دۆخێکی ناسەقامگیری دەروونیدایە و ژیان وەکو بابەتێکی بەهادار و ماندار نابیندریت. بە پشت بەشتن بەو ئەنجامانەش توێژەر لە کۆتایی توێژینەوەکەیدا چەند پێشنیازێکی خستۆتە ڕوو.

کلیلە ووشە: ژیان، سایکۆلۆژی، جینۆساید، کوردانی فەیلی.

**پێشەکی**

جینۆساید وەک تاوانێکی نێودەوڵەتی ئامانجی سەرەکی ئەوەیە، کە گرووپێکی دیاریکراو بکاتە ئامانج بۆ لەناوبردنی تەواوەتی واتا سڕانەوە تەواوەتی ئەو گروپانەی کە دەستەڵاتی جێبەجێکاری جینۆساید خوازیاری لەناوبردنیەتی. سەرەڕای ئەمانەش بەزۆری ئەم تاوانە لەلایەن ئەو کەسانەوە جێبەجی دەکرێت کە دەستەڵاتێکی زۆریان هەیە و دەیانەوێت بە سوود وەرگرتن لەو دەستەڵاتە ئەوانی دیکە لەناو ببەن.

بەزۆری ئەو تاوانەی جینۆساید خۆی لە پاساوی ئایینی، نەتەوەیی، ڕامیاری و ڕەگەز پەرستیدا دەبینێتەوە.

لەم چوارچێوەیەدا نەتەوەی کورد وەک قوربانی جینۆساید هەمیشە بە بیانووی نەتەوەیی و ئایینی ڕووبەڕووی جینۆساید بووەتەوە، کە هەندێ جار هۆکارەکەی بۆ هەستی نەتەوایەتی و هەندێ جاری دیکەش بەهۆی جیاوازی مەزهەب بووەتە قوربانی ئەم جۆرە تاوانە. لەم ڕووەوە کوردە فەیلییەکان بە درێژایی مێژوو چەندین جار ڕووبەڕووی جینۆساید و لەناوبردن بوونەتەوە، بە جۆرێک هەر لەسەرەدەمی دەستەڵاتداری ناوچەکە ببووە جێگەی ململانێی نێوان دوو مێرنشینی عوسمانی سەفەوی، هەتا دەگاتە قۆناغەکانی درووستبوونی دەوڵەتی مۆدێرن، فەیلییەکان چەندین جار ڕووبەڕووی ڕاگواستن و لەناوبردن بوونەتەوە، کە هەر جارەش بە بیانوویەک، بە زۆریش بیانووەکان لە دوو هاوکێشەدا دەبیندرێن، کە یەکێکیان بەهۆی ئەتنیکی کوردبوون و ئەوەی دیکەشیان بەهۆی باوەڕی مەزهەبی شیعەگەراییەوە.

بوونی هەڕەشەی بەردەوام لەسەر ژیان و مانەوەی فەیلییەکان دەکرێت وایکردبێت کە کاریگەری بکاتە سەر ژیان و بیرکردنەوەیان، کە زۆرجار ئەم کاریگەرییانە دەبنە هۆی فۆڕمولەبوونی جۆرێک لە ناسەقامگیری دەروونی. ئەوەی لەم توێژینەوەیەشدا هەوڵی بۆ دەدرێت ئەوەیە کە لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی دەروونی کوردە فەیلییەکان بکرێت، کە دوای جینۆساید سایکۆلۆژیەتی ئەم قوربانیانە لە چ دۆخێکدایە، چونکە لێکۆڵینەوەکردن لەم گرووپە دەکرێت ببێتە هۆی دەستنیشانکردنی دۆخی سایکۆلۆژیەت و دەستنیشانکردنی ئەو گرفتە سایکۆلۆژییانەی کە لە ئەنجامی جینۆساید ڕووبەڕوویان بووەتەوە، سەرەڕای ئەوەی کە ئەنجامەکانی توێژینەوە دەکرێت ببنە فاکتەرێک بۆ دووبارە ئاوڕدانەوەیەک لە دۆخی کوردە فەیلییەکان.

## کێشەی توێژینەوە

مرۆڤ ویستێکی سرووشتی بۆ ئازادی هەیە، ئازادیش هەمیشە فەزایەک بۆ مرۆڤ دەڕەخسێنێت کە تێیدا چێژ لە ژیان وەربگرێت، بۆیە کاتێک مرۆڤ دەکەوێتە دۆخێک کە ئازادییەکانی پێشێل دەکرێن هەست بە بێ مانایی و بێ بەهایی خود دەکات و لەو نێوەندەشدا سایکۆلۆژیەتی مرۆڤ بەرەو دۆخێکی ناهاوسەنگ هەنگاو دەنێت (بەرلین، 2017، لا. 21).

بەدرێژایی مێژوو پرسی زەوتکردنی ئازادی وەک کردەیەکی دژە ژیان، کاریگەری زۆری خستۆتە سەر سایکۆلۆژیەتی مرۆڤ، بە جۆرێک ئەو زەوتکردنە ئازادییانە لەگەڵ هەڵکشانی مێژوو جۆر و پاساوی شەڕانگیزی بۆ دەستەبەرکردنی پانتاییەکی گەورەی دژە ژیان لە هەڵکشاندایە، لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت ئەوە تێبینی بکرێت کە سەدەی بیستەم لەگەڵ ئەو هەموو پێشکەوتنەی تەکنەلۆژیا و داهێنانی فۆڕمی نوێ بۆ دەستەبەرکردنی مافی ئازادی، بەڵام هێشتاش ئەم پرسە وەکو پرسێکی توندئاژۆییانە هەر لە برەودا بووە، بە جۆرێک پێگەی سەدەی بیستەم لەناو مێژووی مرۆڤایەتی زۆرترین توندوتیژی تێدا ئەنجامدراوە، کە هەر لە شەڕە جیهانییەکانەوە بگرە هەتا دەگاتە شەڕی نێوان وڵاتان و هەوڵدان بۆ سڕینەوەی ناسنامەی کەمینە و نەتەوە ژێردەستەکانەوە (تەڕابشی، 2018، لا. 15).

لەناو ئەو هەموو توندوتیژی کاوڵکارییانەی کە وڵاتە سەردەستەکان لە سەدەی بیستەم پیادەیان کردووە، کورد وەکو نەتەوەیەکی ژێردەستە قوربانی زۆری بەرکەوتووە، ئەمەش دەکرێت وایکردبێت کە

کاریگەری نەرێنی لەسەر سایکۆلۆژیەتی تاکی کورد درووستکردبێت و وایکردبیت کە بە گوێرەی بەرکەوتنی تاکی کورد قەبارەی کاریگەرییەکان بە جۆرێک بن کە ببێتە هۆی درووستبوونی دەروونێکی شپرزە و کاریگەری لەسەر ژیان و شێوازی ژیان درووست کردبێت. سەرەڕای ئەوەی کە ئەم دۆخە وایکردبێت کە ئەم دۆخە سایکۆلۆژییە کە لە ڕابردوودا بەسەر تاکی کورددا هاتبێت، لە ئێستاشدا کاریگەرییەکان بەشێوەیەکی زیندوو لە هزری تاکدا بەردەوامییان هەبێت (قەزاز، 2010، لا. 4).

ئەوەی ئاشکرایە کورد بە شێوەیەکی گشتی لە باشوور، هەمیشە قوربانی دەستی تووندووتیژییەکانی ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عیراق بووە، لەناو کوردیشدا یەکێکی لەو گرووپانە کە لەو نێوەندەدا قوربانییەکی گەورەی ئەم ڕەفتارە دوژمنکارییانەی ڕژێمەکانی عیراق بووە، بریتییە لە کوردانی فەیلی (دزەیی، 2001، لا. 13). فەیلییەکان بەهۆی ئەوەی کە لە لایکەوە زۆرییەنەیان شیعە مەزهەبن و لەلایەکی دیکەوە بەهۆی ئەوەی لە ڕووی ئەتنیکەوە کوردن، لە دوولایەوە بوونەتە قوربانی دەستی ڕژێمەکان و بە تایبەتیش ڕژێمی بەعس، بۆیە لە ژێر دەستی ئەو ڕژێمە زیاتر لە جارێک تووشی جینۆسایدکردن و قڕکردن بوونەتەوە (ابراهیم و داراب، 2021، ص. 503 - 504). لەم ڕووەوە کردەی جینۆساید وەک کارەساتێکی دژە ژیان دەکرێت ببێتە هۆی درووستکردنی شێوازێکی سایکۆلۆژیای ئاڵۆز و گرفتە دەروونییەکان لە ئەنجامی ئەو دۆخە مەرگهێنەرە وایکردبێت کە ڕەنگدانەوەکانی لە ڕەفتار و بیرکردنەوەی دەروونییدا دەربکەون.

شایەنی باسەکاتێک مرۆڤ ڕووبەڕووی کارەساتێکی دژواری وەکو جینۆساید یان هەر جۆرە کارەساتێک کە هەڕەشەبێت لەسەر ژیانی مرۆڤ، وا دەکات کە ئەو کارەساتە لەشێوەی هێدمەی دەروونی خۆی بنوێنێت و ئەگەر مرۆڤ لە بەرانبەر ئەو کارەساتە هێدمەییانە نەتوانێت پاساوێکی دەروونی بەهێز درووست بکات، وا دەکات ڕەنگدانەوەی لەسەر کۆی ژیان و مانەوەی درووست ببێت (حوسێن، 2022، لا. 399-397). لەم چوارچێوەیەدا بەشیک لە توێژینەوەکان ئەوەیان دەرخستووە کە بەهۆی جینۆسایدەوە تاکەکان ڕووبەڕووی جۆرێک لە دەروونپەریشانی بوونەتەوە، لەم ڕووەوە توێژینەوەی (Ingelaere 2010) ئەوەی دەرخستووە کە ئەو کەسانەی ئزموونی جینۆسایدییان کردووە، ئەو لە دوای جینۆساید ژیانێکی فشارئاسا بەرێدەکەن (Ingelaere, 2010, p. 41)، لە گەڵ ئەوەشدا توێژینەوەی (Ng eta la 2015) ئەوەیان دەرخستووە کە بەهۆی جینۆسایدەوە، ڕزگاربووان لە ژیانی دوای جینۆساید نیشانەکانی فشارەکانی دوای زەبریت دەروونییان لەلا دەرکەوتووە (Ng et al, 2015, p. 83). هەرچی توێژینەوەی (Staub (2013)، ئەوەی دەرخستووە کە ژیانی ئەو کەسانەی کە ئەزموونی جینۆسایدییان کردووە بە جۆرێک کاریگەری جینۆسایدیان بەسەرەوە ماوەتەوە کە هەمیشە هەست بە نادڵنیای لە پاشەڕۆژیان دەکەن و وایکردووە کە کاراکتەرێکی پاسیڤ و کەمتر جوولەیان لەلا دەربکەوێت (Staub, 2013, p. 68). ئەوەی لێرەدا وەکو پرسیار دەردەکەوێت ئەوەیە، کە لەدوای ئەزموونکردنی جینۆساید لەلایەن کوردانی فەیلییەوە، ئایا ژیانی دوای جینۆساید لەڕووی سایکۆلۆژییەوە چۆن دەبیندرێت؟.

## گرنگی توێژینەوە

بە شێوەیەکی گشتی دەکرێت کە هەر توێژینەوەیەکی زانستی بە شێوەیەکی سروشتی و ئەو هەوڵە زانستییانەی لەپێناوییەوە دەگیرێنە بەر گرنگیی تایبەتی خۆی هەبێت، چونکە هەوڵدان بۆ توێژینەوەی زانستی لە میانەی ئەو هەستپێکردنانەوە سەرچاوە دەگرێت وەک بۆشاییێک لەو بوارەی کە توێژینەوەکە هەوڵی بۆ دەدات لە هزری توێژەردا دەبیندرێت، بۆ ئەوەی توێژەر لە ڕێگەی ئەو میتۆدە زانستییانەی دەیگرێتەبەر هەوڵی لێکۆڵینەوە لەبارەوە بدات. لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لە دوو خاڵی سەرەکی بخرێنەڕوو؛

1-گرنگیی توێژینەوە لە لایەنی تیۆرییەوە: لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدرێت کۆمەڵێک ناساندن، تیۆر و توێژینەوە لەبارەی جینۆساید و کاریگەری لەسەر ژیان بخرێنەڕوو، کە هەم لە ڕووی تێگەیشتنەوە دەبێتە ئاسانکارییەک بۆ خوێنەر کە زیاتر ئاشنای هەریەک لەم بابەتانە ببێت. سەرەڕای ئەوەی کە دەکرێت ببێتە سەرچاوەیەکی زانستیش بۆ گرینگیپێدەرانی ئەم بوارە.

2- گرنگیی توێژینەوە لەلایەنی پراکتیکییەوە: لەبەر ئەوەی ئەم توێژینەوەیە پشت بە داتای دەستکەوتوو دەبەستێت کە لە لایەن نموونەی توێژینەوەکە بەدەست دەخەرێن کە ئەوانیش بریتین لە رزگاربووانی جینۆسایدی کوردە فەیلییەکان، بۆیە دوای دەستخستنی ئەنجامەکان دەکرێت بخرێتە بەردەستی لێپرسراوانی مافی مرۆڤ و حکومەت، بە مەبەستی چارەسەرکردنی ئەو گرفتانەی کە دەکرێت لەم توێژینەوەیەدا دەربکەون، سەرەڕای ئەوەی کە لەم توێژینەوەیدا هەوڵدەدرێت چەند ڕاسپاردەیەک بۆ لایەنی پەیوەندیدار بخاتەڕوو.

## ئامانجی توێژینەوە

ئامانجی سەرەکی لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدانە بۆ زانینی ژیان لەڕووی سایکۆلۆژییەوە لە لایەن کوردانی فەیلی کە ئەزموونی جینۆسایدیان کردووە.

## باگراوەند و تیۆری توێژینەوە

### جینۆساید

مێژووی مرۆڤایەتی پڕیەتی لە ڕەفتاری شەڕانگیزی و وێرانکاری، واتا لە وەتەی مرۆڤ بوونی لەسەر زەوی هەیە، چەندین تاوانی کوشتن و لەناوبردنی ئەنجام داوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەپاڵ ئەو مێژووە پڕ لە کوشتارە، مرۆڤ بۆ دەربازبوون لەو دۆخە هەوڵی خۆدەربازکردن و هێنانەکایەی دۆخێکی هەماهەنگی داوە، ئەویش بەو مەبەستەی بتوانێت خۆی لەو ڕەفتارە دوژمنکارییە دەرباز بکات (الساعاتی، 2011، لا. 14). لەگەڵ ئەوەشدا ئەو پێشکەوتنەی کە مرۆڤایەتی بەخۆیەوە بینی، نەبووە هۆی لەناوبردنی ڕووحی شەڕانگیزی، بەڵکو بە جۆرێکی دیکە و بە سوود وەرگرتن لە ئامرازەکانی عەقڵ جارێکی دیکە بەشێوەیەکی دڕندەتر مرۆڤایەتی هەوڵی کاوڵکاری و لەناوبردنی داوە (هۆتۆن، 2018، لا. 279-277)، یەکێک لەو جۆرە ڕەفتارە وێرانکارییانەش بریتییە لە تاوانی جینۆساید.

شایەنی باسە تا جەنگی جیهانی دووەمیش دیاردەی جینۆساید وەک تاوانێکی بێ ناو Crime With-

دەبیندرا، ئەم تاوانە بۆ یەکەمین جار وەکو تاوانێکی گەورەی دژ بە مرۆڤایەتی لەلایەن out A Name (RAFAL LEMKEIN) لەدوای جەنگی جیهانی دووەم بەکار هێندرا، ئەویش لە ئەنجامی ئەو تاوانانەی کە نیزییەکان دژ بە جولەکەکان ئەنجامیان دا بووە هۆی ئەوەی کە فارال ئەم چەمکە نوێیە لەبواری تاوانکاری بهێنێتە ناو کارەکانی (Jones, 2006, p. 8).

جینۆساید وەکو وشە لە دوو وشەی لاتینی پێکدێت کە یەکەمیان بریتییە لە (Genose) بە مانای ڕەگەز دێت و هەرچی بەشی دووەمیانە بریتییە لە (caeder) بە مانای لەناوبردن دێت. لە لێکدانەوەی هەردوو ووشەکەدا کە لە ئێستادا لەناو کایە زانستی و ئەکادیمییەکاندا بە (Genocide) دێت واتای لەناوبردنی مرۆڤ یان کۆمەڵکوژی دەگەیەنێت (محەمەد، 2017، ل. 2). ئەم تاوانە بەپێی ڕێکەوتنی نەتەوە یەکگرتووەکان لە 9 کانوونی دووەمی ساڵی 1948 هەوڵی قەدەغەکردنی دراوە، چونکە بەپێی ئەو ناساندنەی کە نەتەوەیەکگرتووەکان لەبارەی جینۆساید خستۆتیانەتە ڕوو، ئەوا جینۆساید بەو هەموو ڕەفتارە تاوانکارییانە دەژمێردرێن کە لەڕێگەیەوە هێزی پیادەکاری جینۆساید هەوڵی لەناوبردنی نەتەوەیەک، یان بەشێک لەنەتەوەیەک، یانیش ئایینێک یان هەر جۆرە هەوڵێکی لەو چەشنە کە دەبێتە هۆی قڕکردنی گرووپێک لە مرۆڤ دەدات. شایەنی باسە جینۆساید وەک تاوانێکی دژە مرۆڤ، تەنها خۆی لە خوشتن و لەناوبردنی مرۆڤ نابینێتەوە بەڵکو کردەیەکە زۆرجار خۆی لە چەند ڕەفتارێکی وەکو ئازاردان، ڕاگواستن، دوورخستنەوە یانیش تیرۆرکردنی گرووپێک لە مرۆڤیش دەگرێتەوە (عبدالعزیز، ساڵ نییە، ل. 22).

هەر لەم چوارچێوەیەدا دەکرێت ئەوە ڕوون بکرێتەوە کە جینۆساید سەرەڕای ئەوەی کە هەڵێکە بۆ لەناوبردنی مرۆڤ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو کردەیە، شێوەی کارکردن و هەوڵدانی بەچەند شێوازێک پیادەبکرێت، کە ئەوانیش بریتیین لە جینۆسایدی فیزیکی (Physical Genocide)، جینۆسایدی بایۆلۆژی (Biological Genocide)، جینۆسایدی کولتووری (Cultural Genocide)، جینۆسایدی ئابووری (Eco-nomic Genocide) و جینۆسایدی سیاسی (Political Genocide)، کە هەریەک لەمانە بە جۆرێک لە جۆرەکان هەوڵدانە بۆ لەناوبردنی گرووپیک لە مرۆڤ (دزەیی، 2001، ل. 51-43).

بەشێوەیەکی گشتی دەکرێت جینۆساید بەو هەموو هەوڵە دوژمنکارییانە بگووترێت کە مۆرکێکی جیهانی و نێودەوڵەتییان هەیە و وەکو هەڕەشە بەسەر ئاشتی و بەرەژەوەندی گشتی مرۆڤایەتی لە تەواوی جیهاندا دەبیندرێت، بۆیە هەمیشە لەلایەن وڵاتانەوە بەتایبەتیش ئەو وڵاتانەی کە خوازیاری ئاشتیین لە جیهاندا، هەوڵدەدریت ڕێگری لەو چەشنە ڕەفتارانە بکرێت و بەربەست لە دووبارە بوونەوەی بگیرێت، لەم پێناوەشدا ئەو وڵاتانە هەوڵییان داوە لەسەر ئاستی باڵادا چەندین یاسا لەبارەیەوە بخەنەڕوو و لەهەمان کاتییشدا دیاریکردنی سزا بەسەر ئەو لایەنە یان ئەو دەوڵەتەی کە هەوڵی جینۆساید بەسەر نەتەوە یان گرووپێکی دیکەی نەژادی یان ئایینی دەدەن (سورمێ، 2006، ل. 22).

## فەیلییەکان

عیراق وەک وڵاتێکی فرە نەتەوە لە چەندین نەتەوەی جیاجیا و لە هەمان کاتییشدا وەکو وڵاتێکی فرە ئایین و مەزهەبیش لەچەندین ئایین و مەزهەب پێکدیت. لەگەڵ ئەوەشدا لەڕووی پێکهاتەی نەتەوەییەوە لە دوو نەتەوەی سەرەکی کورد و عەرەب پێکدێت و لەڕووی ئایینەوە کە زۆربەیان پەیڕەوەی ئایینی

ئیسلام دەکەن، بەڵام لەپاڵ ئایینی ئیسلام وەک ئایینی زۆربەی گەلانی عیراق، ئەوا دابەشدەبن بەسەر دوو گرووپی دینی شیعە و سوونە. بە جۆرێک وەک چۆن لەناو نەتەوەی عەرەبدا لەڕووی ئایینییەوە دابەش دەبن بەسەر سوونە مەزهەب و شیعە مەزهەب (العساف، 2010، ص. 1)، ئەوا کوردەکانیش هەرچەند بەزۆری پەیڕەوی سوونە مەزهەبن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کوردە فەیلییەکان بە زۆری پەیڕەوی شیعە مەزهەبن.

کوردە فەیلییەکان لە بنەڕەتدا خەڵکی ئەو ناوچانەن کە دەکەونە سنووری نێوان هەردوو وڵاتی ئێران و عێراق و بە درێژایی زنجیرە چیای زاگرۆسدا بڵاوبوونەتەوە. بەهۆی ئەو باوەڕە مەزهەبییەی کە فایلییەکان پەیڕەوی دەکەن بووەتە هۆی ئەوەی کە ڕێژەی دانیشتوانی بەشێوەیەکی زیاتر بەسەر هەردوو ووڵاتی عیراق و ئێران دابەشبن، بۆنموونە لەسەردەمی عوسمانیدا بە هۆی ئەوەی عوسمانییەکان پەیڕەوی سوونە مەزهەب بوون چەندین کوردی فەیلی بەرەو ئێران کۆچییان کرد. لەگەڵ ئەوەشدا جارێکی دیکە لە سەردەمی ڕژێمی بەعس و سەدام حوسێن لە ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکاندا سەدان هەزار کوردی فەیلی بە پاساوی سیخوڕکردن بۆ وڵاتی ئێران یان لایەنیکەم دڵسۆزییان بۆ وڵاتی ئێران دەرکران هاوڵاتییانی عێراقیان لێ زەوت کراوە و ماڵ و موڵکیان زەوت کرا (Swincer & Appleton, 2013, p. 5)

لەگەڵ ئەوەشدا ئەو کوردە فەیلییانەی موسڵمانی شیعەن و لە عیراقدا دەژین لە ناوچەکانی بەدرە و جەلەولا و خانەقین و ناوچەکانی بەغدا نیشتەجێ دەکەن کوردە فەیلییەکان پێشتر بە کاری بازرگانییەوە خەریکبوون، لەگەڵ ئەوەشدا لە بواری سیاسی و کۆمەڵگەی مەدەنیدا چالاک بوون، ئەمەش وایکرد کە لە ساڵانی 1960دا ژووری بازرگانی بەغداد دابمەزرێنن (Taneja, 2011, p. 8).

فەیلییەکان وەک ئەتنیک سەر بە نەتەوەی کوردن، شوێنی ڕەسەنی کوردە فەیلییەکان بە زۆری بەسەر سێ ناوچەی جیاوازدا دابەش دەبن، کە لە عیراقدا دەکەونە باکووری ڕۆژهەڵات، لە وڵاتی ئێرانیشدا دەکەونە باشووری ڕۆژئاوا و لە وڵاتی توکیاش بە هەمان شێوە دەکەونە باشووری ڕۆژئاوای ئەو وڵاتە. بەشێوەیەکی کوردە فەیلییەکان بە گوێرەی دابیشبوونیان بەسەر ئەو ناوچانەی کە دەکەونە سنووری هەرسێ وڵاتی عیراو، ئێران و تورکیا، ڕێژەی دانیشتوانەکەی بە شێوەی خەملێندراو بە 12 ملیۆن دانیشتوو دادەندرێت، کە بەزۆری سەرقاڵی کشتوکاڵی و بارزگانین (داراب و ابراهیم، 2021، ص. 503).

لەسەردەمی ئێستادا فەیلییەکان بەهۆی ئەو دۆخە تراژیدییانەی کە ڕووبەڕوویان بوونەتەوە، بووەتە هۆی ئەوەی کە پەرتوبڵاو ببنەوە، بە جۆرێک ئەو بەشەی کە دەکەونە سنووری چوارچێوەی دەوڵەتی عیراق، ئەوا بەزۆری لە پارێزگەی دیالە و بەغدادی پایتەختی عیراق نیشتەجێبوونە، ئەمەش وای کردووە، کە بوونی کوردە فەیلییەکان لە چوارچێوەی عیراقدا پەرشوبڵاوییەکی پێوە دیار بێت (العلوي، 2009، ص. 20-21).

## فیلییەکان و جینۆساید

فەیلییەکان بەهۆی ئەوەی لە لایەنی ئەتنیکەوە کوردن و لە هەمان کاتییشدا لەڕووی ئایینەوە بەشێکی زۆرییان پەیڕەوەی شیعە مەزهەبن، بۆیە ئەم دوو دۆخە وای کردووە، کە فەیلییەکان هەمیشە بەو دوو پاساوە ڕووبەڕووی توندوتیژی و لەناوبردن ببنەوە (Swincer & Appleton, 2013, p. 5).

کورده فەیلییەکان بە درێژایی مێژوو چەندی جار ڕووبەڕووی هەڕەشەی لەناوبردن و دوورخستنەوە لە زێدی خۆیان بوونەتەوە، کە هەر لەسەردەمی قەڵەمڕەوی هەردوو مێرنشینی عوسمانی و سەفەوییەکان بگرە هەتا دەگاتە دوای درووستبوونی دەوڵەتی نوێی عیراق، بە جۆرێک لەبەر ئەوەی کوردە فەیلییەکان لە پەیرەوکردنی ئایینی ئیسلام بەزۆری شیعە مەزهەبوون و لەڕووی شوێنی جوگرافیای دانیشتوانیشەوە کەتبوونە نێوان سنووری هەردوو مێرنشینی عوسمانی و سەفەوی هەمیشە لەلایەن عوسمانییەکان ڕووبەڕووی توندیژی دەبوونەوە و لەهەمان کاتیشدا لەبەر ئەوەی کوردە فەیلییەکان مەیلداری و خولیای جەنگییان نەبووە لەلایەن سەفەوییەکانیشەوە جارێکی دیکە ڕووبەڕووی توندوتیژی بوونەتەوە (الفضل، 2004، ص. 68).

لەم چوارچێوەیەدا و لەگەڵ گرتنە دەستی حوکمەتی عیراق لەلایەن بەعسییەکانەوە ئەوا کوردە فەیلییەکان بەشێوەیەکی گشتی لە سێ ڕووەوە ڕووبەڕووی جینۆسیاد و لەناوبردن بوونەتەوە، کە دەکرێت دوو لەم دۆخانەی وەکو دوورخستنەوە لە زید و نیشتیمانی خۆیان کە بەشێکن لە پیادەکردنی جینۆساید لێکدبرێتەوە، کە ئەوانیش لە دۆخی یەکەمدا ئەو کوردانە دەگرێتەوە کە لە ئەنجامی فشارە توندتیژی و دوژمنکارییەکانی بەعس لەسەر بنەمای باوەڕی دینی و ئەتنیکی ڕوویان لە وڵاتانی ئەورووپا کردووە، دۆخی دوەمیشیان ئەوانەن کە بە هەمان شێوە بەهۆی ئەتنیک و باوەڕەوە ڕوویان لە وڵاتانی ئێران و تورکیا کردووە. هەرچی دۆخی سێمییشە ئەوا خۆی لە سڕینەوەی ناسنامە و لەنابردن دەبینێتەوە (سورمێ، 2006، لا. 104-103).

هەر لەم چوارچیوەیەدا بەشێوەیەکی گشتی جینۆسایدی کوردەفەیلییەکان کە بەشێوەیەکی کردەیی ئاشکرا و بە قەبارەیەکی گەورەتر لە دەیەی شەست و حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا دەستی پێکرد و ڕژێمی بەعس بە سەرکردایەتی ئەحمەد حەسن بەکر بە گرتنەبەری چەند بیانووێکی وەکو مەیلداری بۆ شۆڕەشی کوردی و مەیلداری بۆ شیعەکانی ئێران، دەستکرد بە لەناوبردنی ڕێژەیەکی زۆری کوردە فەیلییەکان و وێرانکردنی خانوو و دەرکردنیان لەسەر زێدی خۆیان و هێنانی عەرەبی میسری و سودانی و نیشتەجیکردنیان لەو شوێنانە، کە بەپێی بەڵگەکان زیاتر لە 70 هەزار هاوڵاتی کوردی فەیلی لەم پرۆسەیەدا بوونەتە قوربانی. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم پرۆسەیەی جینۆساید بەوە نەوەستان و هەوڵیان دا کە پرۆسەکە بە مەبەستی لەناوبردنی یەکجارەکی کوردە فەیلییەکان درێژەی پێبدەن و سەرەڕای ڕاگواستن و دەرکردنیان لە وڵاتی خۆیان ئەوا ڕژێمی بەعس هەوڵیدا کە ناسنامەی هاوڵاتیبوونی عیراقیشیان لێ بسێندرێتەوە (عبدالعزیز،ساڵ نییە، لا. 37)

لە درێژەی ئەو جینۆسایدانەی ڕژێمی بەعس دژ بە کوردانی فەیلی، جارێکی دیکە لەسەر دەستی سەدام حوسێن لە ساڵی 1980 بەشێوەیەکی تووندتر و تراژیدتر ئەنجامدرایەوە، لەم جارەدا شاڵاوی جینۆساید بە گرتنەبەری چەند پاساوێک و لە ڕێگەی بڕیارێکی نامرۆڤانە کە بە بەڕیاری 666 ناسراوە، سەرانی ڕژێم دەستیان کرد بە جینۆسایدکردنی کوردانی فەیلی، کە لە ئەنجامی ئەو ڕەفتارە نامرۆڤایانەدا بووە هۆی ئەوەی کە زیاتر 182 هەزار کوردی فەیلی ڕووبەڕووی جینۆساید ببنەوە، کە خۆی لە دەکردن و لێسەندنەوەی ناسنامەی عیراقی و کوشتن و وێرانکردن دەبینییەوە (الفضل، 2004، ص. 80).

**ژیانی دوای جینۆساید و کاریگەری لەسەر سایکۆلۆژیای قوربانی**

جەنگ و دۆخە دژوارەکان کاتێک ڕووبەڕووی تاک دەبنەوە جگە لە کاریگەری راستەوخۆ بەسەر ئەو کەسانەی کە لەناو دۆخەکەدا دەژین (مەبەست لەو دۆخانەیە کە تاک بەرکەوتنی ڕاستەخۆی لەگەڵ جەنگ و ناهەمواریدا هەیە)، ڕزگاربووانی دوای ئەم دۆخەش ئەگەری ئەوەیان لێدەکرێت کە کاریگەری ناراستەوخۆیان بەسەر سایکۆلۆژیەتیان بەجێبهێڵدرێت، چونکە بەرکەوتنی مرۆڤ لەگەڵ توندوتیژی دەکرێت مرۆڤ تووشی کۆمەڵێک بارودۆخی دەرونی وەکو تەنگەژەی پاش زەبری دەروونی (PTSD) و خەمۆکی بکاتەوە، چونکە لەم دۆخانەدا ئەگەری ئەوە لەگۆڕێیە کە ژیانی مرۆڤەکان بشێوێندرێت و مرۆڤ هەست بەوە بکات کە پشتگیری کۆمەڵایەتی لەدەستداوە و لەم دۆخەدا مانەوەی مرۆڤەکان هەمیشە لە دۆخێکی فشارئامێزی ڕۆژانەدا دەبێت (Ng & et al, 2015, p. 84).

لەم ڕووەوە یەکێک لەو کردە شەڕانگیزییانەی کە کاریگەرییەکی گەورە دەکاتە سەر سایکۆلۆژیەتی مرۆڤ بریتییە لە جینۆساید، چونکە بەهۆی ئەوەی جینۆساید بە سرووشتی خۆی جۆرێکە لە ڕەفتارێکی توندئاژۆ، کە ئامانجی سەرەکی لەناوبردنی مرۆڤە، وا دەکات کە کاریگەری نەرێنی لەسەر سایکۆلۆژیەتی ئەو مرۆڤانە درووست بکات کە ئەزموونی ڕاستەخۆیان لەگەڵ ئەو دۆخەدا هەبووە، توێژینەوەکان ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە کە ئەو کەسانەی ئەزموونی جینۆسایدییان هەبووە، کۆمەڵێک دەرکەوتەی نەرێنی وەکو هەستکردن بە لەدەستدانی خود، بێ بەهایی، شەرم، هەستکردن بە تاوان، نائومێدی و ترسی بەردەوام لە دووبارە بوونەوەی ئەو تاوانانەی کە دژ بە ئەوان ئەنجامدراوە (Vanhooren & et al, 2017, p. 175; Etzel, 2018, p. 8). سەرەڕای ئەمانەش خەسلەتی سەرەکی جینۆساید بەوە دەناسرێتەوە کە جۆرە کردەیەکە پێداگیری سەرەکی لەسەر ئەوەیە کە بە کۆمەڵکوژی و لەناوبردنی مرۆڤ یان دوورخستنەوەی تاک لە شوێنی مانەوەی ئامانجەکانی بدەی بێنێت، بۆیە وەها کردەیەک هۆکارێکی سەرەکییە لەوەی کە کاریگەری نەرێنی بکاتە سەر سایکۆلۆژیەتی مرۆڤ، لەم بارەوە حەسەن (2019) ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە لەدەستدانی ئەندامانی خێزان یان کەسە خۆشەویستەکان، دوورخستنەوە و ناچارکردن بە کۆچکردن، ئەو خەسڵەتانەن کە دەبنە هۆی ئەوەی تاک دووچاری پەشێوییە دەروونییەکان ببێت (حەسەن، 2019، لا. 146-145). لەگەڵ ئەوەشدا فەتاحی (2012) ئەوە دەخاتە ڕوو کە یەکێک لەو هۆکارانەی کە دەبێتە هۆی ناسەقامگیری باری دەروونی مرۆڤ، ئەو جۆرە ڕەفتارانە لەخۆ دەگرێت کە بریتیین لە مردنی بە کۆمەڵ، ناهەمواری شوێنی نیشتەجێبوون و ناچارکردن بە کۆچکردن، کە هەر یەک لەمانە کاتێک ڕووبەڕووی مرۆڤ دەبێتەوە ڕاستەوخۆ کاریگەری نەرێنی لەسەر سایکۆلۆژیەتی مرۆڤ درووست دەکەن و ئەگەرێکی سەرەکین کە مرۆڤ تووشی شلەژانی دەروونی لە جۆری خەمۆکی یانیش دڵەراوکی ببێتەوە (فەتاحی، 2012، لا. 62).

## تیۆری شرۆڤەکاری بۆ ژیان دوای جینۆساید

بەمەبەستی ڕاڤەکردنی کارگەری جینۆساید لەسەر ژیان و سایکۆلۆژیەتی ئەو تاکانەی کە ئەزموونی جینۆسایدیان کردووە، هەوڵدانە بۆ تێگەیشتن لە کردەی تاوانی جینۆساید و ئەو بەرکەوتنانەی کە تاک لە ئەنجامی ڕووبەڕووبوونە لەگەڵ ئەو دۆخە چەشتوویەتی. یەکێک لەو تیۆرانەش بریتییە لە تیۆری ڤیکتۆر فرانکل (Viktor Frankl 1905 - 1997).

تیۆری فرانکل بەشێوەیەکی گشتی تیۆرێکە کە لە ئەنجامی بەرکەوتەی خودی خۆی لەگەڵ جینۆساید دارڕێژراوە، بە جۆرێک ئەو/فرانکل وەکو یەکێک لە قوربانیانی تاوانی جینۆساید لەسەر دەستی نازییەکان، بناغەی تیۆرییەکەی لە زیندان دارێشتووە. واتە تیۆری فرانکل یەکێکە لەو تیۆرانەی کە لە ئەنجامی ئەزموونکردن و لە نزیکەوە بینی دۆخە دژوارەکانی جینۆساید لەسەر سایکۆلۆژیەتی مرۆڤ دارێژراوە (Wulandari & et al, 2018, p. 443).

فرانکل بە دامەزرێنەری جۆرێکی تایبەت بە چارەسەرکاری دەروونی بە ناونیشانی چارەسەری بە واتا (Logo-therapy) دەناسرێتەوە. یەکێک لە بەناوبانگترین کتێبەکانیشی بریتییە لە گەڕانی مرۆڤ بۆ واتا (Man's Search for Meaning) کە لە (1984) بڵاوکراوەتەوە و بە یەکێک لە بەربڵاوترین ئەو نووسینانە دادەندرێت کە هەوڵی خوێندنەوەی هۆلۆکۆست و مانەوەی مرۆڤەکان لە دۆخە دژوارەکانیان داوە. فرانکل بە ڕێگەی چارەسەری بە واتا هەوڵی ئەوە دەدات کە یارمەتی مرۆڤ بدات بۆ دۆزینەوەی مانای بۆ ژیانی. تیۆری فرانکل بە هۆی کاریگەرییەکەیەوە هێشتا یەکێکە لەو تیۆرانەی کە بەردەوام جێگەی سەرنجی لایەنگر و ڕەخنەکارەکانە (Klingberg, 2001, p. 289).

فرانکل پێی وایە کە پاڵنەری سەرەکی مرۆڤ بریتیی نییە لەدەستەبەرکردنی چێژ، وەک ئەوەی کە فرۆید ئاماژەی پێکردووە، هەروەها لەو باوەڕەشدا نەبوو کە پاڵنەری مرۆڤ بریتیی بێت لە دەستەبەرکردنی هێز، وەکو ئەوەی ئادلەر بۆی دەچوو، بەڵکو ئەو پێی وابوو کە پاڵنەری سەرەکی مرۆڤ بریتییە لە دەستەبەرکردنی واتا لە ژیاندا، بە تایبەتیش ئەو کاتانەی کە مرۆڤ ڕووبەڕووی دۆخە دژوارەکانی ژیان دەبێتەوە، چونکە فرانکل بە پێچەوانەی باوەڕی باو کە وای دادەنا کە مرۆڤ هەمیشە هەوڵی کەمکردنەوەی گرژییەکان دەدات، ئەو باوەڕی بەوە هەبوو کە دەبێت مرۆڤ دۆخە دژوارەکانی ژیان ئەزموون بکات هەتا بتوانێت دینامییەتی ئەقڵ یان ڕووح بفارژێنێت. فرانکڵ پێی وایە کاتێک کە مرۆڤ ئەزموونی دۆخە دژوارەکانی دەکات، ئەوا بەهۆی کۆمەڵێک ئامانجی بەهادار و لەڕێگەی ئازادکردنی ڕووح و سەربەخۆیی عەقڵەوە وادەکات کە هەوڵی مانەوە بدات و لەو دۆخەشدا وادەکات کە ژیان واتادار ببێت (مستەفا، 2019، لا. 560).

هەر لەم چوارچێوەیدا فرانکل پیی وایە ئەو کاتە دەکرێت بە مرۆڤ بگوترێت نەخۆش، کاتێک مرۆڤەکە نەتوانێت واتا بۆ دۆخە دژوارەکان نەدۆزێتەوە کە بەرۆکییان گرتووە، لەگەڵ ئەوەشدا فرانکل پێی وایە کە مرۆڤ کاتێک دەستەوەستان مایەوە لەوەی کە بۆ ناسۆرییەکانی واتا بدۆزێتەوە ئەوا دەکەوێتە دۆخێکی بێماناییەوە و مرۆڤ تووشی بۆشایی وجوودی دەبێتەوە و سەرتاپای ژیانی دەبێتە دۆخێک کە هیچ ئامانجگەلێکی لەژیاندا نەبێت بۆ ئەوەی لە پێناویدا بژیت و هەوڵی مانەوە بدات (حوسێن، 2017، لا. 92). لەم ڕوانگەیەوە فرانکل بە تێبینیکردن لەو کەسانەی کە لە زیندانەکانی نازییەکان لە ئەنجامی جینۆساید لە دۆخێکی دژواردا دەژیان، ئەوەی تێبینی کردبوو کە بەشێک لە زیندانییەکان توانای مانەوەیان لە ژیاندا هەیە و بە پێچەوانەشەوە سەرنجی دابوو کە بەشێکی دیکە لە زیندانییەکان ناتوانن بەرگەی ئەو ئازارە جەستەییە یان ئەو ئازارانەی کە پەیوەست بوون بە مردنی کەسوکارەکانیان بگرن، بۆیە ئەو زیندانییانە یان هەوڵی خۆکوشتنیان دەدات یانیش لەتاو ئازارەکان دەمردن. فرانکل دوای تێبینیکردن و لێکۆڵینەوە لە دۆخی زیندانییەکان ئەوەی بۆ دەرکەوت کە ئەو کەسانەی کە هیوایان بە باشتربوون

و دەربازبوون لەو دۆخە هەبوو توانای مانەوە و بەرگەگرتنی دۆخە دژوارەکانیان زیاتر گەشەی دەکر، کە ئەویش لە ڕوانگەی فرانکلەوە، درووستبوونی ئەو هیوایە لەرێگەی ئەو میکانیزمانەوە سەرچاوەییان گرتبوو کە پەیوەست بوون بە درووستکردنی واتا بۆ ژیانیان (بەرواری، 2019، لا. 235).

## میتۆدی توێژینەوە

لەم توێژینەوەیدا میتۆدی چۆنایەتی بەکارهاتووە، چونکە لەڕێگەی ئەم میتۆدەوە توێژەر دەتوانێت شیکردنەوە بۆ ئەو داتایانە بکات، کە بەشێوەی نووسین (دەق)، ئاخاوتن، چاوپێکەوتن و چەندین جۆری دیکەی داتا کە توێژەر مەبەستییەتی لە توێژینەوەی لەبارەوە بکات (Grossoehme, 2014, p. 109). بەشێوەیەکی گشتی یەکێک لە تایبەتمەندییە دیارەکانی ئەم میتۆدە ئەوەیە کە توێژەر وەسفی ئەو داتایانە دەکات کە دەستی کەوتوون و هەوڵی ئەوە دەدات لە ڕێگەی وەسفکردنی داتاکانەوە ئامانجەکانی توێژیەنەوەکەی بەدیبهێنێت (Cropley, 2022, p. 14).

هۆکاری سەرەکی لە هەڵبژاردنی ئەم میتۆدە ئەوەیە کە توێژەر دەیەوێت شیکردنەوە بۆ ئەو گێڕانەوانە بکات کە نمونەی توێژینەوە لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی توێژەر دەیدرکێنن و توێژەر هەوڵدەدات لە ڕێگەی ئەو گفتوگۆییەوە هەوڵی شیکردنەوەی دۆخی سایکۆلۆژیای نمونەی توێژینەوە بکات، ئەویش بەو ئامانجەی کە بگات بەو دەرەنجامەی کە توێژینەوەکە هەوڵی بۆ دەدات.

## کۆکردنەوەی داتاکان

لەم توێژینەوەیەدا چاوپێکەوتنی گێرانەوە(Narrative Interview) بەکارهاتووە، کە ئەم شێوازە، جۆرێکە لە چاوپێکەوتنی نارێکخراو (Unstructured Interviews). بەشێوەیەکی گشتی لەم جۆرە چاوپێکەوتنەدا بەشداربووان ئەزموونی خۆیان دەربارەی دیاردەیەک بە شێوەی چیرۆک بۆ توێژەر دەخەنەڕوو. سەرەڕای ئەمەش پێویستە توێژەر ئازادی بدات بە بەشداربووان بۆ ئەوەی بۆچوون و ئەزموونی خۆیان لەبارەی باتەکەوە باس بکەن. هەڵبەت لەهەندێ دۆخدا نموونەی توێژینەوە لە لایەن توێژەر لە ڕێگەی چەند ئاماژەیەکی زمانی و جەستەییەوە هاندەدرێن، بۆ ئەوەی زیاتر ڕووبچنە ناو باس و گێڕانەوەکانیان (Anderson & Kirkpatrick, 2016). بۆ ئەو مەبەستە دوای ئەوەی توێژەر ئامانجی توێژینەوەکە بۆ نمونەی توێژینەوەکان ڕوونکردەوە و ڕەزامەندی بەشداربوونیان بە شێوەی خۆبەخش وەرگرت، لەگەڵ پێدانی تەواوی زانیاری لەبارەی توێژینەوە و دڵنیاکردنەوەی نمونەی توێژینەوە لە وابەستەبوونی توێژەر بە تەواوی ڕەوشتایەتی توێژینەوە، ئەوا داوا لە بەشداربوو کراوە باسی ئەزموونی جینۆساید و ئەو تاوانکارییانە بکەن کە ڕووبەڕوویان بوونەتەوە، ئەویش بەو مەبەستەی کە بزاندرێت جینۆسایدی کوردە فەیلییەکان چۆن کاریگەرییان لەسەر ژینای ئێستایان بەجێهێڵاوە. بەشێوەیەکی گشتی ماوەی چاوپێکەوتنی هەر بەشداربووێک 15 تاکو 20 خولەک بووە و ژمارەی بەشداربوانیش بریتیی بوون لە (10) بەشداربووی کوردی فەیلی کە ئەزموونی جینۆسایدییان کردبوو، جۆری نموونە لەم توێژینەوەیەدا بریتیی بووە لە نموونەی مەبەستدار، چونکە توێژەر سەرپشک بووە لە هەڵبژاردنی ئەو کەسانەی کە دەیەویست لە توێژینەوەکەدا بەشداری پێ بکات. شایەنی باسە جۆری نموونەی مەبەستدار

ئەو جۆرەی نموونەییە ناهەرەمەکییەیە، کە وادەکات دەرفەتی یەکسان و وەک یەک نەدات بە ئەندامانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە، ئەویش بەو مەبەستەی کە گشت ئەندامانی کۆمەڵگەکە چانسی بوون بە نموونەی توێژینەوەکەیان نەبێت، بەڵکو توێژەر بۆ خۆی نموونە دەستنیشان بکات کە وای دەچێت ئەو تایبەتمەندییەی کە لەو نمونەیەدا بوونی هەیە بۆ توێژینەوەکەی سوودبەخشە (Ames & et al, 2019, p. 8). شایەنی باسە کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە پێکدێت لە شاری هەولێر و نموونەی توێژینەوەش بریتیین لە کوردانی فەیلی کە ئەزموونی جینۆسایدییان کردووە.

## شیکردنەوەی داتاکان

بۆ شیکردنەوەی داتاکان هەوڵدراوە میتۆدی شیکردنەوەی بابەتی (Thematic analysis) بەکاربهێندرێت. شایەنی باسە ئەم ڕێگەی شێوازێکە بەکار دێت بۆ شیکردنەوەی ئەو داتایانەی کە چۆنایەتین، چونکە لە ڕێگەی ئەم میتۆدە توێژەر دەتوانێ داتاکانی پۆلێن باکت و دواتر شیکردنەوەیان بۆ بکات (Braun and Clarke, 2006). سەرەڕای ئەمانەش ئەم میتۆدە دەبێتە یارمەتیدەرە بۆ توێژەر کە بتوانێت لە ڕێگەی وەسفکردن و دانانی کۆد بۆ داتاکان بابەتەکان یاخود تەوەرەکان(Thematic) بونیاد بنێ(Aronson, 1995). بۆ ئەو مەبەستە دوای ئەوەی کە داتاکان لە نمونەی توێژینەوەکە کە بریتیی بوون لە 10 بەشداربوو، لە ڕێگەی چاوپێکەوتنەوە کە بۆ هەر کەسێک 15 تا 20 خولەکی خایاندبوو ڕیکۆردکرابوون، گشت زانیارییەکان لە ڕیکۆردەوە گۆڕدران بۆ نووسین و هەر بەشداربووێک کۆدێکی تایبەتی پێدرا، ئەوا لەسەر ئەو بنەمایە هەوڵی شێکردنەوەی داتاکان دراوە.

## ئەنجام و گفتوگۆکردنیان

### ژیانی کوردانی فەیلی لە دوای جینۆساید

مرۆڤ بۆ مانەوەی لە ژیاندا پێویستی بە چەند فاکتەرێکە کە ژیانی بەردەوامی پێبدات، بە جۆرێک هەتا ژیان دەرفەتی ئاسوودەی و گونجانی تێدا بێت، مرۆڤ زیاتر هەست بە چێژی ژیان دەکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مرۆڤ لە ژیاندا دەکرێت ڕووبەڕووی چەندین ئاستەنگ و تەگەرەش دەبێتەوە، کە بەشێکیان وەکو هەڕەشە لەسەر مانەوەی تاکەکان دادەنرێت. بۆیە کاتێک کە ژیان دەبێتە جۆرێک لە هەڕەشە ئەوا ڕستەوخۆ کاریگەری لەسەر شێوازی ژیان رووست دەکات. لەم ڕووەوە هەتا ئەو هەرەشانەی سەر ژیان توندتر بن زیاتر ژیان و سایکۆلۆژیای مرۆڤ ناجێگیرتر و دژوارتر دەبێت.

لەو چوارچێوەیەشدا جینۆساید کوردانی فەیلی یەکێکە لەو دۆخە دژوار و مەرگهێنەرەی کە لە ژیانی خۆیاندا لە سەردەستی حکومەتی بەعسی عیارقی ڕووبەڕوویان بووەتەوە، کە ئەمەش دەکرێت ڕەنگدانەوەی لەسەر ژیانی ئەواندا هەبێت. لەم ڕوەوە خشتەی خوارەوە بریتییە لە گێڕانەوەی چیرۆکەکانی خۆیان لەو کاتەی کە ئەزموونی جینۆسایدیان کردووە. شایەنی باسە گێڕانەوەکان بە شێوەی پۆلێن کردن تەنها ئەو بەشانە داندراوە، کە زیاتر ڕەهەندی سایکۆلۆژی لە چوارچێوەی ژیانکردن لەخۆ دەگرێت خراوەتە ڕوو.

خشتەی چاوپێکەوتنەکان لەگەڵ نمونەی توێژینەوە، کە بەشێوەی پۆلێنکراو کورتکراوەتەوە

| ژیانی کوردانی فەیلی لە دوای جینۆساید | |
|---|---|
| بەشداربووەکان | وەڵامەکان |
| بەشداربووی یەکەم | بەهۆی ئەو کارەساتەی بەسەر ئێمەدا هاتووە، وای کردووە هەمیشە ڕووداوەکانمان لەپێشچاو بێت، ئەمەش کاریگەری خستۆتە سەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانمان، بە جۆرێک توانای ئەوەمان نەماوە بەشداری لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکان بکەین و گۆشەگیری هەڵبژێرین. سەرەڕای ئەوەش لەبەر ئەوەی تووشی لەدەستدانی کەسە خۆشەویستەکانمان بووین وامان لێدەکات کە هەمیشە لە ڕابردوودا بژین و ئێستامان بۆ نامۆ بێت، چونکە هەمیشە چاوەڕیی ئەوەین کە کەسە نزیک و خۆشەویستەکانمان دووبارە بگەڕێنەوە، نە دەستمان لە ڕابردوو بەردەبێت و نە دەتوانین چێژ لە ژیانی ئێستامان وەربگرین. لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا باوەڕمان بە خودا هەیە کە ڕۆژێک دێت هەموومان بە خۆشەویستانمان شاد دەبینەوە. |
| بەشداربووی دووەم | برینی کۆمەڵکوژی ئێمە برینێکی قوڵە. من ناتوانم بەسەر خەمەکانمدا زاڵبم، چونکە دایک و باوکم و براکەم و کوڕەکەم، لە چاوتروکانێکدا دەستدا، چۆن دەتوانم ئەوە قەبووڵ بکەم! هەست بە خەم دەکەم و هیچ سەبر و ئارامییەکم نەمایە. کاتێک باسی ئەوان دەکەم و بیرەوەریەکنیانم لەگەڵ ئەواندا بەبیردێتەوە، خەم سەرەتاپای ژیانم داگیر دەکات. هەرچەند ئیرادەم بەهێزە و هەر ئەوەش وایکردووە کە لە ژیان بەردەوامبم، بەڵام هێشتاش مەرگەساتی ئەو ڕووداوە ناتواندرێت لە مێشکم دا ئارامیم پێ ببەخشێت. ڕاستییەکەی بیرەوەری و هیوای دووبارە پێکشادبوونەوە نەبێت لەگەڵ خۆشەویستانم ژیان هیچ واتایەکی دیکەم پێ نابەخشێت. |
| بەشداربووی سێیەم | بەهۆی دڕندەیی ڕژێمی بەعس من منداڵ و کەس و کاری خۆمم لەدەستداوە، خەمی لەدەستدانی ئەوان تووشی چەندین نەخۆشی درێژخایەنی کردووم. کاتێک بیر لەژیان دەکەمەوە خەم و دوودڵی دامدەگرێت و وای لێکردووم کە هەمیشە غەمباربم. سەرەڕای ئەوەی کە لە خەمی لەدستدانی کەسوکارم تووشی نەخۆشی درێژخایەن بووم، ئێستا هەست بە نەخۆشی دەروونیش دەکەم و هاتوچۆی دکتعری دەروونی دەکەم. دکتۆر پێی گوتم کە نەخۆشی دڵەڕاوکێ و خەمۆکیم هەیە. هەرچەند چارەسەرییەکانی دکتۆرەکان بەکار دەهێنم، بەڵام هێشتاش دەزانم چارەسەری من تەنها گەیشتنەوەیە بە کەسوکارم، کە دەزانم گەیشتنەوەپێیان دوای ئەو هەموو ساڵە بی هوودەیە. |

| | |
|---|---|
| بەشداربووی چوارەم | من ناتوانم لە هەستی خەم و خەفەت ڕزگاربم، ئێمە هەموو شتێکمان لە دەست داوە تەنانەت مێژووشمان. هەندێک جار لە خەو هەستاوم ئامادەنەبوومە قسە لەگەڵ هیچ کەسێک بکەم، بەڵکو بە دڵێکی غەمبارەوە بەردەوام سەیری پارچەی ئەو وێنانە دەکەم کە لە دایک و باوک و خێزانم بۆم ماونەتەوە. لەگەڵ بیرکردنەوەم بۆ ئەو ڕۆژانە دەچم و تا ئێستا نامەوێت قسە لەسەر ئێستام بکەم. |
| بەشداربووی پێنجەم | هیوادارم بگەڕێمەوە بۆ ئەو ڕۆژانەی کە سەلامەت و جێگیر بووین لە شوێنی خۆمان و لە سایەی باوکمدا ژیانمان دەکرد. من ئامادەم هەموو سامانی خۆم بدەم لەپێناو گەڕانەوەی ئەو ڕۆژانەی کە پێکەوە لەگەڵ خێزان و خزمەکانمان ژیانمان بەڕیدەکرد. ڕژێمی بەعس زۆر بێ ویژدانانە هەتوو هەموو خۆشییەکانی ئێمەی لەناوبرد. هێشتاش ناتوانم باوەڕ بەوە بکەم کە بەسەر ئێمەدا هاتووە. |
| بەشداربووی شەشەم | بەهۆی ئەو کارەساتەی بەسەر ئێمەدا هاتووە، بەجۆرێک بێ ئومێدی کردووین کە هیچ کاتێک باوەڕ بە ئایندەیەکی باش نەکەین. ئەو کارەساتە تەنانەت وایلێکردووین کە نەتوانین منداڵی زۆریش بخەینەوە. جاران فەیلییەکان ژمارەی منداڵەکانیان زیاتر لە دە مندال بوو، کەچی ئێستا لە ترسی ئاییندەمان ناتوانین لە دوو یان سێ منداڵ بخەینەوە. |
| بەشداربووی حەوتەم | نایشارمەوە هەرکاتێک کەسێکی فەیلی ببینم یان گوێم لە چیرۆکی کەسێکی فەیلی بێت، جا باسی ئاوارەیی و جینۆساید بکات یان نا، لە قورگەموە گریان پەنگدەخواتەوە، بەڕادەیەیەک وام لێدێت هەست دەکەم هێشتا لەو سەردەمەدا دەژیم کە یەکەم ڕۆژی جینۆسایدکردنمانە. هێشتا ناتوانم ئەو وێنەیە لەپێش چاوی خۆم لابدەم کە باوکم دانیشتبوو و قسەی بۆ دەکرین، هێشتاش ئەو وێنەیەم لەپێش چاو ناچێت کە منداڵەکان لە حەوشەدا خەریکی یاریکردن بوو. هەرچەند دەمەوێت باوەڕبەوە بێنم کە خودا ئێمەی تاقیکردۆتەوە و دەکرێت دوای هەر نەخۆشییەک خۆشی و شادی بگەڕێتەوە، بەڵام دوای ئەو هەموو ساڵە و ئەو خەمە گەورەیەی بەسەرماندا هات، ئێستا هیچ هیوایەک نییە کە دووبارە ژینمان خۆش بکاتەوە. |
| بەشداربووی هەشتەم | هەرکاتێک بەیانی لە خەو هەڵدەستم، بۆنی نان دەکەم، دووبارە دەکەومەوە بیری نانی دایکم کە لەو ڕۆژانەدا سەرەڕای ئەو هەموو خەم و پەژارەی کە هەستی پێ دەکرد، هیچ کات لە نانی گەرم بێبەشی نەکردین، ئەم بۆنە بۆ من بەهێزترین یادەوەرییە کە  هێز و ناسکی دایکم دێنێتەوە قوڵایی هزرم، لە هەمان کاتیشدا ئەو ئازار و برینەی کە دایکم چەشتبووی وەک بروسکە بەناو دڵمدا دێت. هەرچەند ئازاری زۆرمان چەشت، بەڵام ئەو ئازارانە وا کردووە کە هەرکات بیریان لێدەکەمەوە هەستێکی بەهێز لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت و وا دەکات کە هیوایەکم دووبارە بە ژیان هەبێتەوە. |

| | |
|---|---|
| بەشداربووی نۆیەم | ڕقم لە ئێستایە، ڕقم لە هەموو ئەو دۆخەیە کە پێیدا تێپەڕیوین، زۆر جار بە تەنیا دادەنیشم و بە یادەوەری خۆمەوە دەچمە و بیر لە ڕۆژگاری ماڵ و گەڕەکە کۆنەکەمان دەکەمەوە، بیر لە جوانی و بێدەنگی گەڕەکەمان دەکەمەوە. ڕاستییەکەی من هەر بە خەیاڵی ڕابردوو دەژیم و ئێستا هیچ واتایەکی بۆ من نییە. |
| بەشداربووی دەیەم | ئەو کوشتن و ترسەی کە بەسەرماندا هات و لەو سەردەمدا تێیدا ژیاین وەک بوومەلەرزەیەکی وێرانکەر وایە، کە هەموو ماناکانی سەلامەتی و ئارامی دەروونیی تێکداوە. سەختی ئەو کارەساتەی بەسەرماندا تێپەڕیوە وای لێکردم و تا ئێستا لە خەو خولیا و کابوس و خەونە بێزارکەرەکان بژیم. |

بە سەرنجدان لەو گێڕانەوانەی کە کوردانی فەیلی دوای 43 ساڵ لە ئەزموونکردنی جینۆساید ئەوەمان بۆ دەردەکەویت کە، ئەم تاوانەی جینۆساید کاریگەری کردۆتە سەر ژیان و سایکۆلۆژیەتیان و هەتا ئێستا ڕەنگدانەوەی جینۆساید وەک ڕووداوێکی دژە ژیان بەسەرییانەوە ماوە.

ئەگەر سەرنج بدرێتە بەشداربووی یەکەم و پێنجەم، دەکرێت ئەوە تێبینی بکرێت کە لەدەستدانی کەسە نزیکەکانیان، وەک بارێکی ناهەموار کاریگەری لەسەر سایکۆلۆژیەت و ژیانیان بەدەر دەخات. دەکرێت ئەم لەدەستدانە کاریگەری خستبێتە سەر چێژبینین لە ژیانیان و بە جۆرێک وای کردبێت کە بیرکردنەوەی زۆر لەبارەی مردنی کەسە نزیکەکانیان باری سایکۆلۆژیەتی کوردانی فەیلی بەرەو دۆخێکی نەرێنی ئاراستە کردبێت. لەم ڕووەوە ڤیکتۆر فرانکل بەهۆی تێبینییەکانی لەسەر جینۆسایدی جولەکەکان لە کەمپەکانی نازییەکان، گەیشتبوو بەوەی کە بیرکردنەوەی نەرێنی کەسانی جینۆسایدکراو، وا دەکات کە هەمیشە ڕوانگەیەکی ڕەشبینییان سەبارەت بە ژیان بۆ درووست ببێت و وا بکات کە ئەو تاکەی کە بەردەوام بیر لە لەدەستدانی کەسە نزیکەکانی دەکاتەوە، کاریگەری لەسەر ژیان و مانەوەی درووست بکات و ئەو جۆرە بیرکردنەوانە نەهێڵێت کە چێژی ڕاستەقینە لە ژیان وەربگرێت (بەرواری، 2019، لا. 234-235).

بە پیچەوانەی ئەو جۆرە بیرکردنەوانە، فرانکل ئەوە دەخاتە ڕوو، کە بەشێکی دیکە لەو کەسانەی کە ڕوانگەیەکی ئەرێنییان بۆ دواڕۆژ هەیە، وا دەکات کە ببێتە میکانیزمێک بۆ هاندان و چێژبینین لە ژیاندا، چونکە ئەو ئەرێنی ڕوانینەی ئەوان ببووە هیوایەک کە بە هۆییەوە درێژە بە ژیان بدەن و بەرگەی ئازارەکانی ژیانیش بگرن (حوسێن، 2022، لا. 289-288). لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر سەرنج بدرێتە بەشداربووی ژمارە دوو، لەگەڵ بەشداربووی ژمارە هەشتەم، کە هەرچەند دەبیندرێت لەدەستدانی کەسە نزیکەکانی کاریگەری لەسەریان بەجێهێشتووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەهۆی ئەوەی ئومێدی دواڕۆژیان لەدەست نەداوە، ئەوا بووەتە فاکتەرێک کە بۆ ئەوەی هیوایان بە دواڕۆژێکی باشتر هەبێت. کە ئەمەش دەکرێت ببێتە هۆی ئەوەی کە لە روانگەی فرانکەلەوە وا ببیندرێت کە ئەم بەشداربووانە توانا دەروونییەکانی خۆیان وەگەڕخستووە و دەکرێت ئەم ئەرێنی ڕوانینە هێزی مانەوەیان زیاتر بکات.

یەکێکی دیکە لەو لایەنانەی کە فرانکل لە تیۆرەکەیدا تیشکی دەخاتە سەر ئەوەیە کە بوونی ڕووداوی

دژە ژیان و کارەسات لە ژیاندا وادەکات کە مرۆڤ هەست بە بوون و ڕەسەنایەتی خۆی لەدەست بدات، ئەمەش وا دەکات کە ببێتە هۆی درووستبوونی ترس و نادڵنیایی تاک لە بەرانبەر ژیانی ئاییندەی، بۆیە کاتێک تاک هەست بە ترسی لەلا دەردەکەوێت کاریگەرییەکی زۆر لەسەر بێ بەهابوونی خود و بێ بەهایی ژیانی لەلا سەرهەڵبدات (فرانکل، 2015، لا. 173). لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر سەرنج بدرێتە نموونەی توێژینەوەکان دەبیندرێت کە لەچەند ڕوویەکەوە هەست بە ترس و نادڵنیایی لە ئاییندەیان دەکەن، بۆ نموونە، بەشداربووی ژمارە شەشەم، نموونەیەکی دیاری ئەم جۆرە هەستکردنانەیە، چونکە ئەو بەشداربووە هەستێکی نەرێنی بۆ ئاییندەی هەیە و تەنانەت ئەو هەستەی وای لێکردووە کە ترسی لە خستنەوەی منداڵیشدا هەبێت.

هەر لەم چوارچیوەیەدا فرانکل دێتە سەر ئەو باسەی و ئەوە دەخاتەڕوو کە بوونی ناسەقامگیری دەروونی لە ژیاندا وا دەکات کە کاریگەری بخاتە سەر دۆخی تێکچوونی جەستەییش، واتا فرانکل ئەو باوەڕەدابوو کە مرۆڤ بەهۆی ئەو دۆخە دژوارانەی کە لە ژیانیدا ڕووبەڕووی دەبێتەوە، ئەگەر نەیتوانی مانایەک بۆ ئەو دۆخە دژوارە وەک هیوایەک بۆ باشتربوون بدۆزێتەوە، دەبێتە هۆی ئەوەی کە تاک دووچاری کۆمەڵێک نەخۆشی جەستەییش ببێتەوە (حوسێن، 2017، لا. 93-92). لەم ڕووەوە بە سەرنجدان بەو دۆخەی کە بەشداربووی ژمارە سێ دەیخاتە ڕوو، دەکرێت ئەوە گریمانە بکرێت کە تووشبوونی ئەو بەشداربووە بە نەخۆشی جەستەیی و دەروونییەکانی، هۆکارەکانی ئەو جینۆساید لەلایەک و نەبوونی هیچ هیوایەک بۆ ئاییندەی لەلای دەرکەوتن.

یەکێکی دیکە لەو تەوەرانەی کە فرانکل لە تیۆرەکەی خۆیدا بە تێبینی کردن لەسەر ئەو کەسانەی ڕووبەڕووی جینۆساید بوونەتەوە پێگەیشتووە، بریتییە لە دۆخێکی دەروونی کە فرانکل بە بۆشایی بوونگەرایی (The Existential Vacuum) ناوی دەبات. ئەم دۆخە لە ڕوانگەی فرانکلەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە مرۆڤ دوای ئەوەی هەوڵێکی زۆری بۆ واتادارکردنی ژیان دەدات، بەڵام سەرەنجام تووشی ناکامی دەبێت، بۆیە دەکەوێتە دۆخێکی بێهیوایی و پووچی ژیان، ئەم دۆخە لە ڕوانگەی فرانکلەوە بە بۆشایی بوونگەرایی دەستنیشان دەکرێت (مستەفا، 2019، لا. 563). ئەگەر سەرەنج بدرێتە سەر زۆربەی بەشداربووان، بە تایبەتیش بەشداربووانی چوارەم، حەوتەم، هەشتەم، نۆییەم و دەیەم، دەکرێت ئەوە تێبینی بکرێت کە هەر یەک لەم بەشداربووانە تووشی دۆخێک لە نائومێدی لە ژیان بوونەتەوە و ژیانی ئێستایان بە بەرەنجامی ڕابردوویان وەکو کردەیەکی پوچ و بێ چێژ وێنا دەکەن. لە بەرانبەردا تەواوی چێژی ژیانیان لەو دۆخانەدا دەبیننەوە کە دەکەونە پێش مێژووی جینۆسایدکردنییان، بەدەر لەوە بەهای ژیان و مانەوەی لە ئێستادا هیچ واتایەکی ژیانێکی چێژدار نابەخشێت.

## دەرەنجام

دوای خوێندنەوە و خستنەڕووی ئەو گێڕانەوانەی کە نمونەی توێژینەوەکە لەبارەی جینۆساید خستییانە ڕوو، هەروەها شرۆڤەکردنی لە ڕوانگەی تیۆری ڤیکتۆر فرانکلەوە، دەکرێت چەند دەرەنجامێکی گشتی لەم ڕووەوە بخرێنە ڕوو، کە ئەوانیش بەشێوەیەکی گشتی دەکرێت وا ببیندرێت کە جینۆساید وەک کردەیەکی تاوانکاری مرۆڤ، دەبێتە هۆی تێکچوونی باری ژیان و سایکۆلۆژیەتی قوربانی. بە جۆرێک ئەم دۆخە تاوانکارییە هەرچەند لە چوارچێوەی زەمەنەکی دیاریکراو ئەنجام دەدرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا

کاریگەرییەکانی دەکرێت بۆ چەند دەیەیەک دوای ئەم تاوانانە لەسەر ژیانی مرۆڤەکان بەجێبهێڵێت. لەم ڕووەوە فرانکل وەکو تیۆرداڕێژێکی تابەتمەند بە سەرنجدان لە کەسایەتی قوربانی جینۆساید و کۆمەڵکوژی، بەشێوەیەکی دوو تەوەری بارودۆخی کەسی جینۆسایدکرا و ژیانی دوای جینۆساید شرۆڤە دەکات، کە تەوەری یەکەمییان پەیوەستە بە لەدەستدانی واتاکانی ژیان و کاریگەرییە هەمیشەییەکان لەسەر تاک، کە ئەوانیش خۆیان لە چەند ڕەهەندێکی وەکو تووشبوون بە نەخۆشییە دەروونیی و جەستەییەکان لە لایەک و لە لایەکی دیکەشەوە کەوتنە دۆخێکی دەروونی کە پەوەستە بە هەستکردن بە بێهیوایی و بێبەهایی خود. لەگەڵ ئەوەشدا تەوەری دووەمی ئەم تیۆرداڕێژە خۆی دەبینێتەوە لەو دۆخانەی کە تاک بە واتادارکردنی ژیان، دەتوانێت بەسەر نەخۆشییەکانی زاڵبێت و سەرەنجام ژیان بە چێژدارییەوە دەستەبەر بکات.

لەم ڕوانگەیەوە بە پشت بەستن بەو نمونەیەی کە لەم توێژیەنەوەیەدا دەردەکەون، ئەوەیە کە کوردانی فەیلی کە ڕووبەڕووی جینۆساید بوونەتەوە، کەوتوونەتە دۆخێکی دژوار و کاریگەری جینۆساید وەک دەرەکەوتەیەکی نەرێنی وایکردووە کە ژیان بە جۆرێک لە جۆرەکان واتادار نەبیت، بەڵکو تەنیا لە چەند نمونەیەکدا ژیان بە بوونی باوەڕی ڕووحییەوە واتادار نیشان دەدرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕەشبینی و بێ بەهایی ژیان زیاتر لە بوونی هیوا لەم نمونەی توێژیەنەوەیەدا پێشچاو دەکەوێت.

## پێشنیارەکانی توێژینەوە

پێشنیارەکانی ئەم توێژینەوەیە خۆی لە چەند پێشنیارێدا دەبینێتەوە وەک:

1- هەوڵ بدرێت ناوەندێکی چارەسەری و ڕێنمایی دەروونی تایبەت بە ڕزگاربووانی جینۆساید بەگشتی و کوردە فەیلییەکان بە تایبەتی لە چەند شوێنێک جیا جیا بکرێتەوە، بەمەبەستی وەرگرتنی چارەسەری و ڕێنمایی دەروونی لە کاتی پێویستدا.

2- سەرقاڵبوون و خەریکبوون بە کار، یەکێکە لەو میکانیزمانەی کە دەکرێت ببێتە هۆی واتاداربوونی ژیان، بۆیە ڕەخساندنی دەرفەتی کار بۆ ڕزگاربووانی جینۆساید پێویستییەکی گرنگە.

3- هەوڵبدرێت تووێژینەوەی زیاتر لەبارەی ڕزگاربووانی جینۆساید بکرێت، بە جۆرێک لە گشت ڕەهەندەکانی دەروونی، کۆمەڵایەتی و سیاسی بکۆڵدرێتەوە، بۆ ئەوەی زیاتر گرفتەکان دەستنیشان بکرێن.

## سەرچاوە کوردییەکان


بەرلین، ئیزایا (2018)، دوو چەمکی ئازادی (ئازادی)، و. هەڵکەوت عەبدوڵا، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم-سلێمانی.

بەرواری، خالک میکائیل (2019). تیۆرێن کەسایەتیێ، چاپی یەکەم، چاپخانەی تەهران، لە بڵاوکراوەی پەرتووکخانەیان بەدرخانینان-دهۆک.

تەڕابشی، جۆرج (2018)، کاتێک ڕژێمە دیکتاتۆرەکان درز دەبەن (توندوتیژی)، و. شاهۆ سەعید، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم_سلێمانی.

حسن، ئەفرام محەمەد. (2019). دەروازەیەک بۆ نەخۆشییە دەروونییەکان و هەندێ لە نەخۆشی دەروونی، بەرگی یەکەم، چاپی چوارەم، چاپخانەی ناوەندی ڕێنوێن- سلێمانی.

حوسێن، محەمەد تەها (2017). سایکۆلۆجیای کەسێتی، کەسێتی کورد لەژێر ڕۆشنایی ڕوانگە جوداکاندا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئەندێشە_سلێمانی.

حوسێن، محەمەد تەها (2022). ڕێنمایی دەروونی دەروازە سایکۆلۆجییە هاوچەرخەکان، و. کەمال فاروق، چاپی یەکەم، چاپخانەی فێربوون_هەولێر.

حوسێن، محەمەد تەها. (2020). بیرکردنەوە بۆ ژیان بیرکردنەوە دژی ژیان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ناوەندی فێربوون_سلێمانی.

دزەیی، یوسف (2001). ئەنفال، کارەسات، ئەنجام و ڕەهەندەکانی، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین_هەولێر.

السعاتي، سامية حسين (2011). تاوان و کۆمەڵگە، و. دانا نادر محەمەد، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج_ هەولێر.

سورمێ، هەژار عەزیز (2006). کورد و جینۆساید و ئیبادەکردن، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە_ هەولێر.

عبدالعزیز، محەمەد ڕەئوف (سال نییە). ئەنفاڵ و ڕەهەندە سۆسیۆلۆژییەکانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی پەرتووک_ سلێمانی.

فرانکل، ڤیکتۆر (2015). گەڕانی مرۆڤ بەدوای واتادا، و. محەمەد محەمەدمرادی، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج_سلێمانی.

فەتاحی، نەبی (2012). خەمۆکی، دیارەدەکانی و شێوەی خۆپاراستن لەم نەخۆشییە، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج_سلێمانی.

فەتاحی، نەبی (2021). زانست و میتۆدی توێژینەوەی زانستی ‹‹چۆنایەتی››. چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، لە بڵاوکراوەکانی زانکۆی سۆران_سۆران.

محەمەد، دارا حمید (2017). جینۆسایدی زمان، زمانی کوردی بە نمونە. گۆڤاری زانکۆی گەرمییان. https://doi.org/10.24271/garmian.165

مستەفا، یوسف حەمەساڵح. (2019). کەسایەتی و سروشتی مرۆڤ، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئەندێشە-سلێمانی

هۆتۆن، داڤید پاتریک (2018). سایکۆلۆجیای سیاسی، و. حەمە ڕەشید، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم_ سلێمانی.

## سەرچاوە عەرەبییەکان:


داراب، ثناء عبد علي هادى وابراهيم، ذكرى عبد المنعم (2021). الأكراد الفيلية. جدل الهوية والاندماج دراسة أنثروبولوجيا في محافظة واسط، مجلة الاداب، ملحق 1، العدد 139، جامعة بغداد_ العراق.

العساف، فايز عبدالله (2010). الاقليات واثرها في استقرا الدولة الوقمية (اكراد العراق نموذجا). رسالة ماجستير، جامعة شرق الاوسط للدراسات العليا، كلية الاداب، قسم العلوم السياسية_ الاردن.

العلوي، زكي جعفر الفيلي (2009). تاريخ الكرد الفلييون وآفاق المستقبل، طبعة الاولى، الكوثر، المملكة المتحدة لندن.

الفضل، منذر (2004). دراسات حول القضية الكردية ومستقبل العراق، طبعة الثانية، من منشورات ئاراس، مطبعة وزارة التربية_اربيل.


## سەرچاوە ئینگلیزیەکان


Ames, Heather & Glenton, Claire & Lewin, Simon. (2019). Purposive sampling in a qualitative evidence synthesis: A worked example from a synthesis on parental perceptions of vaccination communication. BMC Medical Research Methodology. 19. 10.1186/s12874-019-0665-4.

Aronson J. (1995) A Pragmatic View of Thematic Analysis. Qual Report, 2(1):1–3.

Anderson, C. and Kirkpatrick, S. (2016) Narrative interviewing. Int J Clin Pharm 38, (3)631–634.

Braun V. and Clarke V. (2006) Using Thematic Analysis in Psychology. Qual Res Psychol. 3(2):77–101.

Cropley, A. J. (2022). Qualitative research methods: A practice-oriented introduction. Bucharest: Editura Intaglio. (Open access – doi: 10.13140/RG.2.1.3095.6888/1).

Etzel, Sarah, (2018). «Psychological Effects of Genocide Participation: The Perspective of Perpetrators». Independent Study Project (ISP) Collection. 2906.

https://digitalcollections.sit.edu/isp_collection/2906.

Grossoehme, Daniel. (2014). Overview of Qualitative Research. Journal of health care chaplaincy. 20. 109-122. 10.1080/08854726.2014.925660.

Ingelaere, B. (2010). Do we understand life after genocide? Center and periphery in the construction of knowledge in postgenocide Rwanda. African studies review, 53(1), 41-59.

Jones, A. (2016). Genocide: A comprehensive introduction. Routledge. https://www.taylorfrancis.com/books/mono/10.4324/9781315725390/genocide-adam-jones

Klingberg, H. (2001). When life calls out to us: The love and lifework of Viktor and

Elly Frankl. Doubleday Books.

Ng, L. C., Ahishakiye, N., Miller, D. E., & Meyerowitz, B. E. (2015). Life after Genocide: Mental Health, Education, and Social Support of Orphaned Survivors. International perspectives in psychology : research, practice, consultation, 4(2), 83–97. https://doi.org/10.1037/ipp0000031

Staub, E. (2013). Building a peaceful society: Origins, prevention, and reconciliation after genocide and other group violence. American Psychologist, 68(7), 576.

Taneja, P. (2011). Iraq›s Minorities: Participation in Public Life. Minority Rights Group International. http://www.atour.com/government/pdf/MRG-IraqReport-AssimilationExodusEradicationSince2003-February2007.pdf

Vanhooren, S., Leijssen, M., & Dezutter, J. (2017). Ten prisoners on a search for meaning: A qualitative study of loss and growth during incarceration. The Humanistic Psychologist, 45(2), 162–178. https://doi.org/10.1037/hum0000055

Wulandari, S., Poerwandari, E. K., & Basri, A. A. (2019, August). The journey of finding meaning in life: Posttraumatic growth experience in notable holocaust survivors. In 2nd International Conference on Intervention and Applied Psychology (ICIAP 2018) (pp. 444-457). Atlantis Press.